
چیرۆکی وەرگێڕدراو



عـەزیز نەسـین



لە تورکییەوە: بەکر شوانی

# کۆمپانیای نهێنیی سوپای رزگارکردنی خێزان

بەم زووانە کتێبێک لە ئەمریکا چاپ دەکرێت و بڕوام وایە وەردەگێڕدرێتە سەر چەندین زمان و لە سەرانسەری جیهاندا کاردانەوەی دەبێت. نووسەری ئەمریکاییی ئەو کتێبە هێشتا بڵاو نەکراوەیە دەناسم. چوار ساڵ لەمەوبەر لە ئەستەنبوڵ بووین بە هاوڕێی یەکتر. ئەو کاتە گوتی کتێبێکی زۆر گرینگی بەدەستەوەیە و لەو ساڵەشەوە بەردەوام نامە دەگۆڕینەوە. لە نامەکانیدا زانیاریی لەمەڕ کتێبەکەی لە قۆناغی نووسیندا دەدامێ. دوو مانگ لەمەوبەر لە نووسینی کتێبەکە بووە و دانەیەکی بە داکتیلۆ نووسراوی بۆم نارد. رای

منی پرسی. پوختەی بۆچوونی منیش بەمجۆرەیە: ئەم کتێبە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەخات و لە سەرانسەری جیهاندا هەرا و فەرتەنە دەنێتەوە.

لەو کتێبەدا بە بەڵگەوە باس لەوە دەکرێت چۆن رێکخراوێکی ژێرزەمینی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە رێکخراوێکی نهێنییەوە بووە بە کۆمپانیا. نووسەر هیچ شتێکی لای خۆیەوە نەئافراندووە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی راستەقینە، رووداوی راستی دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە ناچار بووە لە کتێبەکەیدا ناوی هەندێک کەس بگۆڕێت، چونکە بە رووداوەکانی ناو ئەم کتێبە بەڵگەنامەییەدا دەردەکەوێت بەناوبانگترین و لە پێشترین دەرهێنەران، سیاسەتمەداران و پیاوانی کاری ئەمریکایش لە بەسەرهاتەکانەوە گلاون. نووسەر ناچار بووە چەندین ساڵ هەزاران بەڵگەنامەی نهێنی و ئاشکرا بۆ نووسینی کتێبەکەی کۆ بکاتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە ئەو ماوە درێژەی پێ بچێت.

ڕەهەندێکی تری سەرنجڕاکێشی ئەو کتێبە ئەوەیە، کە دەستکەوتی دارایی ئەو رێکخراوە لە پێشدا نهێنی و دواتر بە کۆمپانیا بووە، لە داهاتی بانکەکانی ئەمریکا، کۆمپانیاکانی نەوت، مۆنۆپۆلەکانی رۆژنامە، کۆمپانیاکانی چەک و ئۆتۆمبیل زۆر بەرزترە. لەوەش سەرنجڕاکێشتر، سەرەڕای ئەوەی دامەزراوەی خاوەن بەرزترین بڕی دەستکەوتە لەسەر ئاستی ئەمریکا، کەچی باج نادات.

هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بخەمە روو.

گرووپێکی شەش کەسی، دوو ژن و چوار پیاو لە کالیفۆرنیا رێکخراوێکی نهێنی دادەمەزرێنن. ئەمە کەسانی هاکەزایی و سەرسەریش نین. سیانیان خوێندنی زانکۆیان تەواو کردووە، یەکێکیان قوتابیی زانکۆیە، دانەیەکیان فەرمانبەرێکی گەنجە و ئەوی تریشیان بازرگانی دەکات. ئەم شەش کەسە گەنجە، خوازیارن پارەیەکی مفتیان دەست بکەوێت و لەپڕ دەوڵەمەند بن. بۆ ئەو مەبەستە، رێکخراوێکی نهێنی دادەمەزرێن بۆ فڕاندنی هاوسەرانی پیاوانی یەکجار دەوڵەمەندی ئەمریکا و ئازادکردنیان لە بەرامبەر وەرگرتنی سەرانەدا.

لە وڵاتێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خاوەن بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی، دامەزراندنی رێکخراو، فڕاندنی مرۆڤ و راگرتنی کەسی فڕێندراو لە شوێنێکی نهێنی تا گەیشتنی سەرانە و ئازادکردنی، کارێکی ئاسان نییە؛ گشت ئەمانە پێویستیان بە

سەرمایەی گەورە هەیە. لە وڵاتانی دواکەوتوو، مرۆگەل لەتاو بێ پارەیی دزی دەکەن، بانک رووت دەکەنەوە و مرۆڤ دەفڕێنن، بەڵام لە وڵاتێکی خاوەن ئاستی بەرزی ژیان و خۆشگوزەرانیدا، تەنانەت بۆ دزی، قاچاخچێتی و مرۆڤ فڕاندنیش سەرمایە پێویستە. ئەو شەش گەنجەش هەموو پارەی خۆیان تێکەڵ دەکەن، ئەوەی هەیانە و نییانە دەیخەنە روو، هەرچییەکی هەیانە دەیفرۆشن، تا پێیان دەکرێت قەرز وەردەگرن و بەپارەی کۆکراوە رێکخراوی نهێنیی خۆیان دادەمەزرێنن. دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوە لەوەی کێ بفڕێنن و چۆنی بفڕێنن. لەبەرئەوەی ئەمان تاقمێکی رۆشنبیر و دڵنەرمن، دڵیان نایەت منداڵ بفرێنن. لە یەکەم چالاکییاندا هاوسەری گەورە پیاوێکی کار لە سان فرانسیسکۆ دەفڕێنن. بەپێی نەخشەی پێشتر داڕێژراو، ژنە دەفڕێنن و دەیبەنە ڤێلایەکی دوور لە شار کە بۆ ئەو مەبەستە بەکرێیان گرتووە. پێوەندی بە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە دەکەن و هەواڵی فڕاندنی ژنە بڵاو دەکەنەوە، داوای هەشتا هەزار دۆلار سەرانە لە مێردی ملیۆنێری دەکەن و دەڵێن ئەگەر پارەی دیاریکراو لە ماوەی سێ رۆژدا نەگاتە شوێنی دەستنیشانکراو، ئەوا ژنە دەکوژن. ئەگەرچی ئەم هەواڵە لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنیشدا دەوەشێندرێت، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، چونکە رووداوی مرۆڤ فڕاندن هێندە پەرەی سەندووە، ئیدی جەماوەر بایەخ بەو بابەتە نادات و رای گشتی لێی بێزار بووە.

مۆڵەتی دەستنیشانکراو بەسەر دەچێت و مێردی ملیۆنێر پارەی داواکراوی نەداوە. ئەمجار رێکخراوی نهێنی ماوەکە تا بیست و چوار سەعاتی تر درێژ دەکاتەوە. یارۆی مێردی ژنە دیسان پارە نادات. ئەندامانی رێکخراو دەکەونە بیرکردنەوە، چی لەو ژنەی بەردەستیان بکەن. نە بۆ فڕێدان دەست دەدات و نە بۆ فرۆشتن. لە سەرێکی تریشەوە ناچارن پارەیەکی زۆر خەرج بکەن بۆ راگرتنی لە ڤێلادا. ئەو ژنە گوڵێکی سیس هەڵگەڕاوی توێژی بالایە و تا بڵێیت بەنازونووزە. هەموو جۆرێکی خواردن بەگەن ناکات و سپاردەی خواردنی تایبەت دەدات. ورک دەگرێت ژنی سەرتاش و مانکووری بۆ بهێنن بۆ ئەوەی تیفتیفەی قژی بدەن. هەموو رۆژێک دەبێت مەساژی بۆ بکرێت و برێکی زۆر داو و دەرمانی خاوبوونەوەی مێشک بەکار دەهێنێت و چەندین شتی تریش دەخوازێت. گەنجەکان لەمێژە رازین ئەگەر مێردی ژنە سەرانە نەدات، ئەمان ئازادی بکەن، بەڵام ترسی ئەوەیان هەیە ژنە شوێنی دەستگیرکردنی خۆی بۆ پۆلیس ئاشکرا بکات و ئەمان بەگرتن بدات. دواجار، دوو کەس لە ئەندامانی رێکخراو دەچن بۆ دانوسان لەگەڵ مێردی ژنەدا.

مێردی ژنە هەشتا هەزار دۆلار سەرانە بەزۆر دەزانێت بۆ ئازادکردنی ژنەکەی. فڕێنەران

بە حەفتا هەزار رازی دەبن. ئەو دەڵێت ژنەکەی ئەو پارەیە ناهێنێت. هەردوو چەتە بیست هەزاری تر دێنە خوارێ و داوای پەنجا هەزار دەکەن. پیاوە دەڵێت ژنەکەی ئەو پارەیەش ناکات.

هەردوو فڕێنەری گەنج دەڵێن:

"با جارێکی تریش خاتری بەڕێزتان بگرین." دەڵێن چل هەزار دۆلار. مێردی ژنە دەڵێت:

"نابێت. ئەگەر بیست ساڵ لەمەوبەر بووایە، ئەم گیانبازییەم دەکرد و ئامادە بووم ئەو چەردە پارەیە بۆ رزگارکردنی ژیانی هاوسەرم بدەم؛ بەڵام ئەمڕۆ ئەوەندە ناهێنێت..."

هەردوو گەنجەکە بەسەرسامی سەیری یەکدی دەکەن و دەڵێن:

"جارێکی تریش خاترتان دەگرین. چی دەڵێن بۆ سی هەزار؟"

کابرا سەر بەرز دەکاتەوە. ئەمان جارێکی تریش دادەبەزن:

"باشە، بیست و پێنج هەزار دۆلار... ئەویش لەبەر خاتری ئێوە. باوەڕتان هەبێت ئەگەر کەسێکی تر بووایە، تا ئەو رادەیە دانەدەبەزین."

دەنگ لە کابراوە نەهات، بۆیە ئەمان بۆ بیست و پاشان بۆ پازدە هەزار دابەزین. ئەمجاریش کابرا نقەی لێوە نەهات. ئەمان بیریان خستەوە پار پازدە هەزار دۆلاری داوە بە کۆمەڵەی پاراستنی پشیلەی بێخاوەن. یارۆی کارسازی دەولەمەند لە وەڵامدا گوتی پشیلەی زۆر خۆش دەوێت، کۆمەڵەی پاراستنی پشیلەی بێخاوەن دامەزراوەیەکی خێرخوازە و ئەو پارەیەی بەوانی بەخشیوە، کۆتاییی ساڵ لە باج دایدەشکێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو رێکخراوەی ژنی ئەمی فڕاندووە، دامەزراوەیەکی خێرخواز نییە و رەزامەندیی حکوومەتی لەسەر نییە، ئەم هەر پارەیەکیان بداتێ، لە کیسەی خۆی دەڕوات.

هەردوو چەتەی گەنج پاش ئەوەی گوێیان لەم قسانە دەبێت، دادەبەزن بۆ دە هەزار دۆلار و دەڵێن لەوە کەمتر بێت، ژنە ئازاد ناکەن. یارۆی کارساز روو لە پشتەوە دەکات، بوتڵی وێسکیی ناو بۆفیەی دواوە هەڵدەگرێت و پەرداخی خۆی پڕ دەکات.

گەنجەکان بۆ کابرای ملیۆنێری دەگێڕنەوە دامەزراندنی رێکخراوێکی نهێنی، فڕاندنی ژنێک و راگرتنی چەندین رۆژەی لە شوێنێکی شیاو بەئاستی کۆمەڵایەتیی ژنە، خەرجیی زۆر دەخوازێت.

"باوەڕتان هەبێت بەڕێزم، تەنیا داوای مەسرەفەکان دەکەین. لەبەر خاتری ئێوە داوای

قازانجتان لێ ناکەین... مایەی خۆمان بدەنەوە، با ژنی بەڕێزتان ئازاد بکەین..."

کابرای ملیۆنێر دیسان دەنگی لێوە نایەت. ئەمان دەپرسن:

"واتا ئێستا ئێمە لێرە بەدەستی خاڵی بڕۆینە دەرێ؟"

مێردی ملیۆنێر دەڵێت:

"ئێمە کەس بەدەستی خاڵی بەڕێ ناکەین. دەستوور دەدەم کاتی دەرچوونتان لە دەرگا، یەکی توورەیەکی ڕێکلامی هەویری ددان شووشتنی بەرهەمی کۆمپانیای ئێمەتان بدەنێ..."

دوو ئەندامەکەی ڕێکخراوی نهێنی ئومێد لێ بڕاوانە دەگەڕێنەوە. لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەوە ساز دەکەن. ئەمجار بڕیار دەدەن ژنە ئازاد بکەن و مێردی ملیۆنێری بفڕێنن. هەر واش دەکەن. پاش ئەوەی کابرای ملیۆنێر دەفڕێنن و لە ڤێلایەک قایمی دەکەن، داوای هەشتا هەزار دۆلار دەکەن بۆ ڕادەستکردنەوەی. مۆڵەتی دەستنیشانکراو کۆتایی دێت، ژنە هەر بەخەیاڵیشدا نایەت. مۆڵەت درێژ دەکەنەوە، ژنە لە مێردی خۆی بێوەفاتر دەردەچێت. هاوار دەکات و دەڵێت ئامادە نییە تەنانەت دە سەنتیش بدات بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مێردی. ئەمجار ئەندامانی گرووپ ناچار دەبن بڵێن پیاوەکە دەکوژن. ژنە، ئەگەرچی ناخوازێت دەری بخات، بەڵام وەک بە درەوشانەوەی یەکێک لە چاوەکانیدا دیارە، بەشادییەکی شاراوەوە بزەیەکی دێتێ و دەڵێت:

"مافی ئەوەم نییە دەست بخەمە کاروباری تایبەتی ئێوەوە..."

ئەندامانی ڕێکخراوی فڕاندنی مرۆڤ دەگەڕێنەوە بۆ ڤێلا و بە مێردی ملیۆنێر دەڵێن ئازادیت، هەڵسە و بڕۆ. ئەمجار کابرا ناخوازێت لە ڤێلا بڕواتە دەرێ و دەپاڕێتەوە لەوێ دەری نەکەن. پرسیاری هۆکاری لێ دەکەن. ئەویش دەڵێت پێی خۆشە لە ڤێلایەکی وا ڕازاوە و لە گرتیگەدا بمێنێتەوە و نەچێتەوە کن ئەو ژنە جادووبازەی. ئەوانیش پێی دەڵێن ئەگەر لێرە بمێنیتەوە، کاروبارت تێک دەچێت. ئەو دەڵێت کاروبارم بەدەست کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوەیە. ئەمان هەردوو قۆڵی دەگرن و هەوڵ دەدەن قاوی بدەن بۆ دەرەوە، کابرا دەپاڕێتەوە و دەڵێت:

"دە هەزار دۆلارتان دەدەمێ و ئازادم مەکەن. مەمنێرنەوە بۆ لای ئەو جانەوەرە مێینەیەی ژنم."

کاتێک ئەندامانی ڕێکخراوی نهێنی ڕازی نابن، کابرا بیست هەزار دۆلار پێشنیاز

دەکات. دەست دەکەن بە مامەڵە. یارۆی ملیۆنێر پاش سەودایەکی دوورودرێژ رازی دەبێت هەشتا هەزار دۆلار بدات. ئەوسا ئەندامانی رێکخراو لە ملیۆنێری ژیرەوەبوو دەپرسن بۆچی رازی نەبوو هەشتا هەزار دۆلار بۆ رزگارکردنی ژنەکەی بدات؟ ئەویش دەڵێت:

"ئێوە بۆ ئازادکردنی ژنەکەم داوای پارەتان لێم کرد، بەڵام ئەگەر بۆ گلدانەوەی داواتان بکردبا، بەخۆشحاڵییەوە دەمدا..."

ئەندامانی لاوی رێکخراوی نهێنی، خۆیان بەگوێرەی ئەم قسانە رێک دەخەنەوە. یەکسەر دەچنە لای ژنی کابرای ملیۆنێر و پێی دەڵێن ئەگەر هەشتا هەزار دۆلار نەدات، هاوشووەکەی ئازاد دەکەن. ژنە لێیان دەپارێتەوە مێردەکەی بەرنەدەن. لە ئاکامی سەودا و مامەڵەدا رازی دەبێت هەشتا هەزار دۆلار بدات.

ئەندامانی رێکخراوی نهێنی، پاش ئەم ئەزموونە کەسانی تریش دەفرێنن. هیچ پیاوێک سەرانە بۆ ئازادکردنی ژنی و هیچ ژنێکیش پارە بۆ بەردانی مێردی نادات؛ بەڵام بەپێچەوانەوە، ژن و مێردان بۆ ئازاد نەکردنی هاوسەرانیان داوای چەند پارەیان لێ بکرێت، ئامادەن بیدەن.

بەمجۆرە کاروباری رێکخراوی نهێنی زۆر پەرە دەسێنێت و لە پێشدا ناوی رێکخراوەکەیان دەگۆڕن بۆ "سوپای رزگارکردنی خێزان"، بەڵام دواتر کاروباریان زۆر زیاتر گەشە دەکات، ئەمجار دەیکەن بە کۆمپانیای سوپای رزگارکردنی خێزان. کۆمپانیا لە ولایەتەکانی تری ئەمریکاش لق دەکاتەوە و دەکەوێتە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی خێزانگەلی ئەمریکایی. پاشان خەڵکیش دەکات بەهاوبەش، لە سەدا پەنجا و یەکی موڵکداریی کۆمپانیا لە دەستی شەش ئەندامی دامەزرێنەردا دەمێنێتەوە، ئەوی تریشی دەکەن بە پشک و دەیفرۆشن.

کۆمپانیای سوپای رزگارکردنی خێزان ئەوەندە گەشە دەکات و هێندە پارە پەیدا دەکات، هیچ کۆمپانیا و کارگە و هۆلدینگێکی ئەمریکایی لە قازانجدا پێی راناگات. ئەم کۆمپانیایەی خاوەنی زۆرترین دەستکەوتی دارایی تەنانەت باجیش نادات، چونکە کۆمپانیای سوپای رزگارکردنی خێزان، لەبەرئەوەی پیشەی مرۆڤ فڕاندن پێرۆ دەکات، دامەزراوەیەکی یاسایی و ئاشکرا نییە. نە ئەوەشە هێشتا هەر رێکخراوێکی نهێنی بێت. ئەدی بۆچی لەپای ئەوەی کاری نایاسایی دەکات، داناخرێت؟ ئاسانە، چونکە ئەم کۆمپانیایە هاوسەری زۆر لەو کەسە گرینگانەی، کە بڕیاری داخستنی ئەمیان بەدەستە،

بەخۆڕایی فڕاندووە و بەو جۆرە بەرتیلیان داوە. بگرە کەسانی هەرە لە پێشی ئەمریکایی داوای کۆمەکیان لە کۆمپانیای نهێنیی سوپای رزگارکردنی خێزان کردووە. تەنانەت ئەگەری ئەوەشی راگەیاندووە بخرێتە ریزی کۆمپانیا خێرخوازەکانەوە. ئەندامانی کۆمپانیا لە فڕاندنی مرۆڤدا پێوەری دادوەریی کۆمەڵایەتیش پێشێل ناکەن؛ ئەگەر مێردێک بۆ ماوەی سێ مانگ بفڕێنن، ئەوا پاش سێ مانگ ئازادی دەکەن و پاشان ژنەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ دەفڕێنن. لە بەرامبەر ئەم ئەرک کێشانەدا، پارە هەم لە مێرد و هەم لە ژن وەردەگرن و هەردووکیان شاد دەکەن.

نووسەری ئەمریکایی، کە من هەوڵم دا پوختەی کتێبەکەی بخەمە روو، وردەکارییەکانی ئەم رووداوانەی بەتەواوی ناو و بەڵگەنامەوە خستووەتە روو. هێشتا پێش ئەوەی کتێبەکەی بڵاو بکاتەوە، چەندین پێشنیاری لە شانۆکانەوە بۆ هاتووە تا بابەتەکانی بکەن بە شانۆنامە.

هیوادارم پەرۆشی ئەوە بن داخۆ هەر هیچ کەس پارەی نەداوە بۆ ئازادکردنی کەسی فڕێندراو، چونکە منیش پەرۆشی زانینی هەمان شت بووم. کەسانی لەو بابەتەش هەن. پیاوانی کاری ژن فڕێندراو، ئەوانەی پارەیان بۆ ئازادکردنی ژنەکانیان نەداوە و بگرە چەندین قات پارەیان داوە تا بەرنەدرێن، کاتێک سکرتێرەکانیان فڕێندراون -بێگومان لەبەرئەوەی بێ سکرتێر کاروباریان دەشێوێت- پارەی زۆریان داوە بۆ ئازادکردنیان.

لە بیرتان نەچێت، ئەو کتێبەی بەم زووانە لە سەرانسەری جیهاندا دەنگ دەداتەوە و وەردەگێڕدرێتە سەر چەندین زمان، ناوی "کۆمپانیای نهێنیی سوپای رزگارکردنی خێزان"ە.

تێبینی: پاش بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە لە کۆواردا، ژمارەیەکی زۆر خوێنەری ژن و پیاو تەلەفۆنیان کرد بۆماڵەوە و سۆراخی هەبوونی کتێبێکی لەو جۆرەیان کرد. لەم بایەخ پێدانەوە ئاشکرا دەبێت لای ئێمەش پێویستیی بە دامەزراندنی رێکخراوێکی هاوشێوەی سوپای رزگارکردنی خێزان هەیە...

(ع. نەسین.)

سەرچاوە: کتێبی "نازیک ئالەت - ئامێری ناسک"، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئادەم، ل ٤٣ - ٥٠، ئەستەنبوڵ ,١٩٩٩